## کاتی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنە هاتووە کە بە کورد دراوە

هەشتاو سێ ساڵ لەمەبەر و لە ڕۆژانێکی وەک ئەم ڕۆژانەدا، دوای سەدان ساڵ ئینکارکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ و جۆرەها چەوساندنەوەی تر، تروسکاییەکی شادی دڵی کوردی گەشاندەوە. لە مانگی ئابی ١٩٢٠دا، دەسەڵاتدارانی خۆراوا پەیماننامەی سیڤەریان مۆر کرد، کە بۆ کورد گرنگترین پەیماننامەیە.

پەیمانی سیڤەر بۆ کورد گرنگە: ئەو ڕێکەوتنە، ئەوەی سەپاند کە ئەگەر زۆرینەی کورد داوای سەربەخۆییان کرد، ئەوا دەبێ کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ماوەی یەک ساڵدا ئەو داخوازییە جێبەجێ بکا. ئەگەر دەسەڵاتدارانی خۆراوا ئەو پەیمانەیان جێبەجێ کردبا، ئەوا ئەمڕۆ کورد خاوەنی وڵاتی خۆی دەبوو و هەزاران کورد لە عیراق و ئێران و تورکیا و سوریادا، لە کوشتن دەخەلەسان. ئەوانە تەنها لەبەر ئەوە ژیانیان لە دەست دا کورد بوون یا بۆ مافی نەتەوەیی خۆیان خەباتیان دەکرد. بە داخەوە جیهان بەڵێنی خۆی بەرانبەر خەلکی کورد نەگەیاندە سەر و تەنها سێ ساڵ دوای ئەوە پەیمانی لۆزان مۆر کرا کە دروست پێچەوانەی ئەو پەیمانەی پێشوو بوو. بەوەش، کورد لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەش کرا.

ئاوها هیوای کورد بە دەوڵەتی سەربەخۆ گۆڕ کرا. دەسەڵاتدارانی خۆراوا، ئاوات و ئارەزوو و حەز و ویستی کوردیان کردە قوربانی ئەوەی کە تورکیا وەک لەمپەرێک لە بەردەم هەڕەشەی ڕوسیای بەلشەویکدا بەهێز بکرێت. نەوتی کوردیش بووە گەورەترین دوژمنی کورد.

ئینگلیزەکان، کە ئەمڕۆ خاوەنی دەسەڵاتن لە عیراقدا، ئازادی کوردیان کردە قوربانی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی خۆیان لە عیراقدا. بیرۆکەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ خەڵکی کورد، ئیدی باسی نەما.

ئەمڕۆ، دوای هەشتاوسێ ساڵ، ئەگەر جیهان بیهەوێ، جارێکی تریش کورد لە دەرفەتی سەربەخۆیی نەتەوەییەوە نزیکن. ئێستا جیهانی ڕۆژاوا دەرفەتی هەیە ئەو هەڵە مێژووییە ڕاست بکاتەوە کە بەرانبەر کورد کردوویەتی، ئەگەرچی ئەو هەڵەیە ژیانی زۆری بە بادا دا و قەت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەش درەنگ نییە. ئێستا ئەرکی سەر شانی یەکێتی ئەوروپا و سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و بەریتانیایە هەوڵ بدەن مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کورد لەماڵی خۆیاندا دابین بکەن. نابێ جارێکی تر جیهان خیانەت لە کورد بکات.

بەڵێ: بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەر لە ماوەیەکی گونجاوی داهاتوودا، ئەگەرچی وا هەشتاوسێ ساڵ بە سەریدا ڕەت دەبێ.

لە کۆتاییدا داوا دەکەین:

* ستاتۆی چاودێری لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە کورد بدرێ.
* نەتەوەیەکگرتووەکان ڕیفراندۆمێک ئەنجام بدات کە کورد ئازادانە مافی هەڵبژاردنی هەبێت لە ئۆتۆنۆمی، دەوڵەتی فیدرالی یا دەوڵەتی سەربەخۆدا.
* قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیادا بە تەواوی لاببرێت.
* سوید لە ناو سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپادا چالاکانە هەوڵ بدات و سیاسەتی فشار بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.
* کورد لە عیراقدا مافی ئەوەی پێ بدرێت ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی فیدرالی فراوانتر لە ڕووی جوگرافی و ئابووری و سیاسییەوە.
* گەورەترین میللەتی بێ وڵات لە جیهاندا، ببێتە خاوەن وڵات.

ئیمزا: کیم ئەندەرشۆن ـ ئەکتەر / ئولله هۆفمان ـ سەرۆکی پارتی چەپی سوید/ماریا ڤیتەرستاند ـ قسەکەری پارتی سەوز لە سوید/ سڤێن وۆلتەر ـ ئەکتەر / کوردۆ باکسی ـ نووسەر / ئۆڤی برنگ ـ پرۆفیسۆر/کلاس مالمبێری ـ ئەکتەر/ئەدیم داگ دێڤێرین ـ کتێبخانەی کوردی/ کیا ئیزۆل ـ فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان/ کەمال گوێرجو ـ ئەکتەر/ فرێدریک مالم ـ سەرۆکی کۆمەڵە لاوە لیبرالەکان لە سوید/ ئەنا ل. ڤاندێس ـ نووسەر/ ریکار وۆلف ـ ئەکتەر/ بێرگیتا ستەنبەری ـ نووسەر/ ئۆز ئۆجیند ئەکتەری کۆمیدی/ ستیگ لاشۆن ـ ڕۆژنامەوان.

لە (EXPO. )وە.